# ژنە مەترسیدارەکەی ئیسرائیل



**لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری**

تزیپی لڤینی دوای "گلدا مئیر" دووەمین ژنە لە مێژووی سیاسی ئیسرائیلدا کە توانیویەتی پۆستی وەزارەتی دەرەوە بگرێتە ئەستۆ، تەنانەت بگات بە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە. ساڵی (2007) گۆڤاری تایم ناوی لڤینی لە لیستی ئەو (100) کەسە جیهانییە هێنا کە خاوەنی نفوزن لە جیهاندا.

**تزیپی لڤینی کییە؟؟**

ساڵی (1958)لە شاری تەلئەبیب لە ئیسرائیل لە دایکبووە، باوکی خەڵکی پۆلۆنیا بووە و رۆڵێکی گرنگی لە بزوتنەوەی جولەکەکانی ئەو وڵاتەدا هەبووە.

لڤینی بەشی یاسای تەواو کردوە و خاوەنی دوو منداڵە جگە لە زمانی عیبری، ئینگلیزی و فەرەنسی زۆر بە باشی دەزانێت. کاتی خۆی خوێندکارێکی زیرەک و لێهاتوو و وەرزشکار بووە و زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی کورانە بووە و پاش ئەوەی کە سەربازی خۆی تەواو کرد، چوەتە ناو دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل (موساد ) و لەبەشەکانی زانیاری و عەمەلیاتی تایبەتدا کاریکردوە و بە هۆی چەند کاری تایبەتەوە ماوەیەک لە پاریس

ژیانی بەسەر بردووە.

بەرلەوەی دەست بە چالاکی سیاسی بکات، بۆ ماوەی (10) ساڵ کاری پارێزەری کردووە، پاشان دەچێتە بواری سیاسەتەوە و لە سێپتەمبەری (2008) بۆ سەرۆکی حزبی کادیما هەڵدەبژێردرێت و لە ساڵی (2009) دا حزبەکەی ئەو دەتوانێت لە کۆی (120) کورسی پارلەمان (28) کورسی بەدەستبهێنێت. لڤینی لە ساڵی (2006) هەتا ساڵی (2009) وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بووە و بۆ ماوەیەکیش جێگری سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بووە و هاوکاتیش بەرپرسی وەفدی ئیسرائیلی بوو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ وەفدی فەلەستینی .

## سێکس لە پێناو وەرگرتنی زانیاری

لڤینی سەبارەت بە سێکسکردنی لەگەڵ چەندین بەرپرسی عەرەب وتویەتی: سێکس بەشێک بووە لە کارەکانی خۆی ئەو کاتەی کە لە دەزگای هەواڵگری موساد بووە و ئەو لە پێناو وڵاتەکەی ئامادە بووە سێکس لە گەڵ نەیارانیدا بکات، بۆ ئەوەی زانیاری وردی دەستکەوێت و لەوبارەیەشەوە چەندین جار لەگەڵ بەرپرسانی فەلەستینی و عەرەبی سێکسی کردوە و بەلاشیەوە ئەو کارە ئاسایی بووە وهیچ پێی شەرمەزاری نەبووە و نییە و پێیوایە کە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی نیشتمان پەیوەندی سێکسی ئاساییە.

لڤینی دەڵێ: هەرچەند گۆرەپانی سیاسی ئیسرائیل پڕە لە شک و گومان و گەندەلی ، بەڵام ئەو ئیسرائیلی زۆر خۆش دەوێت و ئامادەیە هەموو کارێک لە پێناو نیشتمانەکەیدا ئەنجام بدات، وتیشی: سیاسەت هەمیشە بۆ من هەموو شتێک نەبووە و نابێت.

## ژنە ساردەکەی ناو میدیا

هەرچەند تزیپی لڤینی ژنێکی چالاک و هەڵسوڕ و زیرەکە و چەندین ساڵ لەناو گۆرەپانی سیاسی ئیسرائیل دا بووە بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هەندێ جار بە هۆی پیشەکەیەوە، نەیتوانیوە زۆر لە میدیاکان دەرکەوێت و یان هەندێ جاریش خۆی نەویستوە دەربکەوێت ، هەر ئەوە وای کردوە کە بەلای میدیاکانەوە بە کەسێکی وشک و سارد و سڕ لە قەڵەم دەدرێت .

تزیپی لڤینی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئیسرائیل، پاش ئەوەی نەیتوانی سەرۆکایەتی پارتی کادیما بگرێتە ئەستۆ، وازی لەو حزبە هێناو بۆ ماوەیەکی کورت گۆرەپانی سیاسی ئیسرائیلی بەجێهێشت و دواتر رایگەیاند کە دەگەرێتەوە بۆ ناو جیهانی سیاسەت و بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ئەو وڵاتە حزبێکی نوێی دامەزراند. هۆکاری ئەو دامەزراندنە ئەوە بووی کە ژمارەیەکی زۆر لە جەنەراڵ و ئەفسەران و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئیسرائیل، پشتگیری خۆیان بۆ لڤینی دەربریوە و لەم میانەیەدا تزیپی لڤینی پێشنیارەکەی خاتوو شلی یەخیموویچی سەرۆکی حزبی کرێکار بۆ هاوپەیمانێتی بەدژی ناتانیاهوی سەرۆک وەزیران رەت کردووە .

نزیکەی (15) ساڵ لەمەوبەر تزیپی لڤینی چالاکییە سیاسییەکانی خۆی لە حزبی لیکود لە تەنیشت ئەریل شارۆن دەست پێکرد و لە ماوەیەکی کورتدا ئەستێرەی بەختی ئەو زۆر بە باشی دەرکەوت و توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گرنگترین پۆستەکان لەوانە پۆستی وەزارەت و تەنانەت جێگرەوەی شارۆنیش بێت، پاش ئەوەی کە شارۆن تووشی نەخۆشی هات، هەر ئەمەش وای کرد کە تزیپی لڤینی بە ژنە مەترسیدارەکەی ئیسرائیل ناودەرکات.

حزبی لیکود لەراگەیاندراوێکدا ئاشکرای کردوە کە هەڵوێستەکانی لڤینی هەمیشە بە قازانجی دوژمنان بووە و ئەو هەمیشە دوودڵ و رارا بووە، هەرگیز نەیتوانیوە بە کردارێکی پابت و پتەوەی هەبێت هەرچەند بە رواڵەت روخسار و شێوە قسەکردنی زۆر جدییە، بەڵام لە کرداردا وا نییە. حزبی لیکود راشیگەیاندوە ئەگەر لڤینی بگەرێتەوە بۆ دەسەڵات ، کارێک دەکات کە ئێران و حەماس ببنە دەسەڵاتداری کەرەتی رۆژئاوا (فەلەستین) ، هەر وەک چۆن بە هۆی سیاسەتە هەڵەشە و ناژیرانەکانی لڤینی حەماس توانی دەست بەسەر غەززەدا بگرێت.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە ئەو هەنگاوەی لڤینی (دامەزراندنی حزبێکی نوێ) لە راستیدا گورزێکی توند لە باڵی میانەرەو وچەپی ئیسرائیل، کە دوای چەند ساڵ ئەو باڵە ئێستاش هەر لە بیری

گەرانەوەدان بۆ دەسەڵات و دروستکردنی حکومەت. هەر ئەمەش وای کردووە کە هەموو حزبە چەپ و میانەڕەوەکانی ئیسرائیل زۆر بە توندی ڕەخنە ئاراستەی لڤینی بکەن و ئەو بە ژنێکی لەخۆبایی و لاسار لە قەڵەم بدەن، ژنێک کە بە رای ئەوان تەنها لە بیری پێگە و جێگەی خۆی دایە.

چەند کاتژمێرێک دوای ئەوەی کە لڤینی تەمەن (54) ساڵ کە خۆی بەشی یاسای تەواو کردووە رایگەیاند دەگەڕێتەوە بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسەت، ڕۆژنامەی هائارتزی ئیسرائیلی ڕاپرسییەکی ئەنجام دا کە بە گوێرەی ئەو ڕاپرسییەک تزیپی لڤینی لە کۆی (120) کورسی پارلەمان تەنها (7) کورسی بەدەستدەهێنێت. ئەو ڕاپرسییە دەرئەنجامێکی مەترسیداری بۆ حزبی کادیما بە سەرۆکایەتی شایۆل مۆفاز دەرخست بەشێوەیەک کە بە گوێرەی ئەو ڕاپرسییە حزبەکەی مۆفاز تەنها دەبێتە خاوەنی دوو کورسی کە ئەمەش کارەساتە بۆ حزبێک کە لە خولی پێشووی پارلەمان خاوەنی (28) کورسی بووە، بەرلەوەی پارلەمانی ئیسرائیل هەڵبوەشێتەوە و هەڵبژاردنی پێشوەخت لەبەرچاو بگیرێت حزبی کادیمای ئامادە نەبوو لەگەڵ حزبی لیکود و ناتانیاهۆ ئیئتلاف بکات و بەشداری حکومەتی نەکرد و بە ئۆپۆزسیۆنی مایەوە.

دوای ئەوەی کە لڤینی ڕایگەیاند دووبارە دەستدەکاتەوە بە چالاکی سیاسی ، ئێهود باراک وەزیری بەرگری ئیسرائیل رایگەیاند کە واز لە وەزارەتەکەی دەهێنێت و بۆ هەمیشە جیهانی سیاسەت بەجێدەهێڵێت ، بەڵام زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە پێدەچێت باراک دووبارە لە حکومەتەنوێیەکەی بنیامین ناتانیاهۆ پۆستی وەزارتی بەرگری بگرێتەوە ئەستۆ، بەڵام ئەمجارەیان وەک کەسێکی سەربەخۆ نەوەک سیاسەتمەدارێک لە حزبێکی بچووک .

حزبی " سەربەخۆیی" کە ماوەیەک لەمەوپێش لە لایەن ئێهود باراک دامەزرا لەناو جەماوەردا هەوادار و لایەنگرێکی ئەوتۆی نییە و پێشوازی لەو حزبە نەکراوە و پێناچێت لە

**ڕۆژنامەی هائارتزی ئیسرائیلی ڕاپرسییەکی ئەنجام دا کە بە گوێرەی ئەو ڕاپرسییەک تزیپی لڤینی لە کۆی (120) کورسی پارلەمان تەنها (7) کورسی بەدەستدەهێنێت**

کۆی (120) کورسی پارلەمان، تەنانەت یەک کورسیش بەدەست بهێنێت. هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ئیسرائیل شوباتی (2013) بەڕێوەدەچێت و لڤینی چاوەڕوانی ئەوەیە کە بتوانێت ببێتە خاوەنی زۆرترین کورسی لە پارلەماندا.

**با زەوی بە فەلەستینیەکان بدرێت**

لە چاوپێکەوتنێکیدا لە گەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی لە ساڵی (2006) دا ڕایگەیاند" منیش وەک باو باپیرانم بڕوام بەوە هەیە، کە ئیسرائیل ماڵی جولەکەکانە و دەبێ لە ئیسرائیل ، نەتەوەی جولەکە و بەها دیموکراسییەکان بەرگری بکەم ، هەرچەند لە نێوان ئارەزووکانم و دیموکراسیدا ناچارم بڵێیم، کە پێمباشە بەشێک لە زەوییەکان بدرێت بە فەلەستینییەکان. هەرچەند تزیپی بە ئارەزووی ئیسرائیلی گەورە لە دایک بووە، بەڵام بڕواشی بەوە هەیە کە ئیسرائیل و فەلەستینیێکان دەتوانن پێکەوە بژین.

**سەرچاوەکان:**
**ڕادیۆ فەردا، بی بی سی**

